




# شەهرام عەلیدی:
# سینەمای كوردی لە شوێنی خۆی نەچەقیوە

شەهرام عەلیدی لە ساڵی١٩٧١لە شاری سنەی كوردستانی ئێران لەدایک بووە، سەرەتا بە هونەری شێوەكارییەوە خەریك بووە، ئینجا رووی لە بواری سینەما كرد و كارە سەرەتاییەكانی لەو بوارەدا بریتی بوون لە ئەنیمەیشن و كارتۆن، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٩، تا ئێستا خاوەنی چەندین فیلمە كە دیارترینیان فلمی (سرتە لەگەڵ با) كە توانیی لە رێگای ئەم فیلمەوە بگاتە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (كان ) لە فەرەنسا، ئێستاش بەردەوامە لە كارەكانی و بەم دواییە بە كورتە فیلمێك بەشداری لە فیستڤاڵێكدا كردووە، شەهرام عەلیدی دەرهێنەر بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێكی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.





ئا: بەهرە سدیق

***سرتە لەگەڵ با چووەتە ناو زمان و دیمەنی سینەمای جیهانەوە ئەمە بۆ تۆ چی دەگەیەنی و ئایا دەتوانی کارێکی لەوە بەرزتر پێشکەش بکەی؟**

- بەراستی من تەواو هێزی خۆمم کۆکردۆتەوە بۆ کارێکی تر، ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت لەیەك کاتدا چەند کەس لە ئەکتەرو سینەماکارە ناودارەکانی خوێندنەوە و زۆریان پێ خۆش بوو و چەند کەس لە گەورەکانی سینەمای جیهانی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری بوون لەو پرۆژەیە دەربڕیوە و چەند کۆمپانیەیەکی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و سویدیش ئامادەن بۆ دەست پێ کردنی، هیوادارم باش بێت ئەزانم گەر ئەو فلمە بکەم و بمرم ئیشی خۆم کردووە ئێستا لە فلمە تازەکەشم تەنیا نیم و زۆر کەس لە چەندین وڵات دێنە کوردستان بۆ یارمەتیم

*** هەولێری پایتەختی کوردستان هەموو شتێکی هەیە تەنیا هۆڵی سینەما نەبێت ئەم رستەیە چۆن لێکدەدیتەوە؟**

-ئێمە ئێستا بووینەتە خاوەنی شتێکی زۆر مەزن کە کورد دەبێ زۆر شانازی پێوە بکات ئەویش ئەوەیە ئێمە لەسەر ئەو هەموو ئازارەی لەدەوروبەرمان پێمانی دەگات کوردەکان دابەش دەکەن بە فێرگەو شارو زاراوەو تاریگە و هەرچی هەبێ، بەڵام سینەمای کوردی لەدنیا رێك کراوە تا ئەو رادەیەی کە هەوڵ بۆ ئەوە بدرێ وڵاتانی دەروبەر نەهێڵن شەپۆلی سینەما یەکگرتووی کورد دروست بێت و کوردەکان لە پارچەکان تێر خەمی بەشی تریان لا نەبێت و بەگوناحی بزانن کە شەهرام خزمەتی ناساندنی کۆمەڵگەی کورد و ئەنفالەکان بکات و رێگایەك بۆسنوور دانان پەیدابکرێت هەرچەندە بەداخەوە ئێمە کۆمەڵگایەکین زیاتر لە دەست خۆشی کردن بۆ حەسادەت و قبوڵ نەکردنی یەکتر ماموستاین لەپاڵ ئەوە دەبێ لەبیرمان نەچێت هیچمان پێ نەکرا هەر شوێنێکی کوردستان نەمامێك بێنیت خزمەتێکی کردووە،دەبێ هەر کەسێ وابکات ئەو رەوتە جیهانیە نەوەستێت.

*** لە فیستیڤالی «کان» بەشداریت کرد بە «سرتە لەگەڵ با» ئێستا خەریکی چیی؟**

-دوای هاتنەوەم لە ڤیستیڤاڵی کان ماندوویەتی لەلەشما بوو و هزرێك و خۆشیەکیش، ماندوویەتییەکەش ئەوە بوو کە دەست گەلێکی ناحەز کە تەنیا هەلپەرستی خۆیان ئەبینین رایان گرتم لەفلمەکە بەراستی ئەگەر گەورەیی کاك نێچیرڤان بارزانی نەبوایە و ئەم فلمەی بەرهەم نەهێنایە و ڕێگەی ئاوەڵا نەبوایە بۆ خزمەتکردنی ناوی کورد هەرچەند لەکان ئەگەر بێت و ئاڵای ئەو وڵاتە هەڵبدرێ و من بەتەنیا و بەپارەی قەرز توانیم ئەم فلمە ببەم بەداخەوە دواییش کە تێکستەکەم هێنا وتیان نایدەین.

وای لێ هات بەبێ هیچ ماندوو نەبوونێك لێم بکرێ گەڕامەوەو لەوکاتەوە خەریکی سیناریۆ بووم کەناوی (رێستورانی هەزارو یەك شەو ) بوو کە ساڵ و نیوێکی خایاند و تازەش تەواو بوو چەند وڵات ئامادەن بۆ کار تێکردن ویارمەتی بۆ بەرهەم.

*** هۆکاری سەرکەوتنی «سرتە لەگەڵ» بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- رەنگە یەکەم روانگەی (سرتە کوردی) دارێژاو بەو شێوە کە لەدەست خەتی سینەماکارێکی تێر ناچێ و لەسەر پێی خۆی وەستاوە، دووەم ئەوەی کە بە زمانی وێنە قسە دەکات، سێیەم ئەوەیە کە قسە لەنەمان و فەوتان دەکا بێ ئەوەی خۆی فلمەکە رق و درەندەیی درووست بکات لە مێشکی بینەرا، بەزمانی ناسك و شیعر چیرۆکی کورد ئەگێڕێتەوە.

*** حەز دەکەین هەندێك باسی شەهرام بکەی وەك شێوەکارێك؟**

-ئەوکاتەی ئێمە لەسنە کارمان دەرکرد ماموستایەکی زۆرباشمان هەبوو کاک هادی زیائەددینی بوو،ئەوکات ژیانی لاوی ئەو دەورەی ئێمە،بە گشتی شێوەکاری ئێمە لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی رووس و لادێیی ئێران بووین،بە تایبەتیش ئەو کارانەی کەلەرووس کران وەکو ریالیستەکان،هەڵبەتە ئەوە بەرلەوەی بچمە زانکۆ کاتێ چوومە زانکۆی هونەرە جوانەکان، من بۆ خۆم وردە وردە بەرە بەرە لە هێڵی کارکردنمدا جۆرە فۆتۆریزمێک دەستی پێکردبوو وەلێ حەزی من ئەوە نەبوو لەدەستمدا هەبوو بەڵام لەمێشکمدا نەبوو حەزم( فۆیستەکان)بوو واتا ئەوانەی رەنگی تۆخیان دانا ئەستوری رەنگیان زۆربوو وەکو مافوری کوردییە کۆنەکانی خۆمان،من زۆر حەزم لەو قوتابخانەیە بوو هەڵبەتە بەر لەوەش حەزم لە(ئیمپرسیۆنیزم) بوو جا(فۆییزم)،ئەو تەمەنە منی بەرەو(کوبیزم)،تەجروبەیەکی زۆر کورت بوو، تەجرەبەیەکم کرد لە زیاتر هێڵکاریدا تا رەنگ ئیتر دوایی ئەو گۆڕانکاریانە ئیتر دوای ئەوە شێوەکاری من چووە دەروونەوە نەهات دەرەوە،سینەما لەجێگەی هاتە دەرەوە فۆتۆریزم بوو یانی حەرەکەی خەت و رەنگ کە لەیەک تابلۆ وە تۆدەتوانی بیست وچوار فرێم ببینی یانی حەرەکەیەک تەنها لە یەک تابلۆ،یانی جووڵانێکی تێدابوو ئەوەش لە تابلۆکاندا هەیە کاتێ کە پرۆژەی بەکالوریۆس و بەرگریمان لە زانکۆدا خستەروو.ئەوەش دوایین پەیوەندی من بوو لەلەگەڵ ئەو خوێندنگا هونەریانە.


*** ئایا سینەمای کوردی چەقیوە؟**

- ئەوەی کە جێگای سەرنجە سینەما کار و سنعەتە، بە پێکهاتەی سەنعەت و هونەر وڵاتانێ دەبن بە خاوەن سینەما و ناویان دەڕواتە ناو وڵاتانی بەرهەمهێنی سینەما کە بە تەکنۆلۆژیا لێك نزیك بوونەتەوە، ئێمە میللەتێکین هەمیشە پێمان وتراوە کە هیچمان نییە، ئێستا بەرهەمهێنانی سینەمای ئێمە لە کوردستان بەتایبەتی لە کابینەی پێنجەم و بە پاڵپشتی کاك نێچیرڤان بارزانی هەنگاوی زۆری هاوێشت و گەیشتە ئاستی زۆر لە وڵاتان کە چەندین ساڵ خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی خۆیانن و لە فیستیڤاڵەکاندا بەشدار دەبێت و وەك ناسنامەی میللەتێك پێشکەش دەکرێت.

لە فیستیڤاڵی کان خەڵك لە منیان دەپرسی تۆ توانیوتە فیلمەکەت بە خەڵکی خۆت نیشان بدەی وتم: ئەوەیان ئارەزووی منە هەرچەندە نەهاتۆتە دی، تەنانەت لە هیچ هۆڵێکی سینەما لەگەڵ گەلەکەم فیلمێکی خۆم نەدیوە، چونکە هۆڵمان نییە مەرجی هۆڵی سینەمایی تێدا بێت.


بەشێوەیەکی گشتی سینەمای کوردی نەچەقیوە، کورد نەیتوانیوە ئەو رەوتەی کە هاتۆتە پێشی بە باشی بەڕێوەی ببات، بەڵام ئەمەش تا سەر نابێت و رۆڵەکانی ئەم میللەتە ئامادەن دووبارە ئاڵا هەڵبگرن و هەوڵ بدەن ئەو بەربەستانەی هاتوونەتە پێشەوە لایان بدات، بێگومان نمایشێك فیلمی کوردی لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان و بەدەستهێنانی خەڵاتەکان نیشانەی ئەوەیە کە فیلمی کوردی قۆناغێکی باشی بڕیوە لە ماوەی ساڵانی رابردوو کە مایەی شانازییە





## کلۆنی: دوای مردنم لاشەم بسووتێنن

ئەکتــەری بەناوبانگی ئەمریکی جۆرج کلۆنی رایگەیان کەوا وەســیەتی کــردووە دوای مردنی لاشەکەی بسوتێنن و پاشماوەی لەشە سووتاوەکەی پێشکەش بە ئازیزترین هاورێی بکەن.
کلۆنی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (جالا)ی فەرەنســی گوتی: هەر کەســێك کە بەشێکی خۆ لە مێشی لاشــەکەمی بەردەکەوێت پێویستە بیبات بۆ ئەو شوێنەی جیهان کە من نەمبینیوە، چونکە ئەمە دوا دەرفەت دەبێت بۆ من بۆ ئەوەی هەموو جیهان ببینم، کلۆنی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە وەسیەتنامەکەیدا رایگەیانـدووە ئامادەیــە ئەندامانی لەشــی ببەخشــێت، بەڵام نووسەری وەســیەتنامە پێی گوتووە کەس گورچیلەکانی تۆی نــاوێ، چونکە کهولی زۆرت خواردۆتــەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زیانێکی زۆریان بەر بکەوێ.



کلۆنــی تەمەن ٥٠ ســاڵ تا ئێســتا بیر لە پێکهێنانی خێزان نەکردۆتەوە لەم بارەیەوەش دەڵــێ: هیچ پلانێکم نییە ســەبارەت بە ژیانی تایبەتی خــۆم، هەروەها هیــچ بیرۆکەیەکیشــم لــە مێشکدا نییە دەربارەی ئەوەی لە ١٠ ســاڵی داهاتوودا لە کــوێ دەبم، تەنیــا دەمەوێ مرۆڤێکی چالاك بم.

## سەرەڕای سەرەڕۆییەکانی خۆی، بریتنی ئامۆژگاری بیونسی دەکات

بریتنی ســپیرزی کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی خۆشــحاڵی خۆی بە هەواڵی سکپڕیی بیونسیی هاورێی دەربڕی تەنانەت ئامۆژگاریشی کرد.
بریتنی لە چوارچێوەی ئاهەنگی دابەشــکردنی خەڵاتەکان (ئێم تی ڤی) رایگەیاند: من هەست بە خۆشی دایکایەتی دەکەم، لە هەمان کاتدا دەزانم چەند ئەرك و بەرپرسیاریەتی و ماندووبوونیش دەخاتە ئەســتۆی دایك، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ بیونســی ئەوەیە کەوا ســوود لە هەر چرکەیەك لە چرکەکانی تەمەنی دایکایەتی وەربگرێت و پێویستە هەر زوو مۆڵەتێك لە کارەکانی وەربگرێت و لێیــان دووربکەوێتــەوە و هەمــوو کارە هونەرییەکانــی بــۆ ماوەیەك بوەســتێنێت، بریتنــی زیاتر رووی لــە بیونســی کرد و پێــی گوت: بۆ ســێ ســاڵ مۆڵەت وەربگرە و هەمووی تەرخان بکە بۆ منداڵەکــەت، رەنگە پێت زۆر بێت، بەڵام خۆیشــت نازانی ئەو سێ ساڵە چۆن دەڕوات.



## پاریس لە فیلمێکی هیندیدا

ئەســتێرەی تەلەفزیۆنــی ئەمریکی پاریس هیلتــۆن رایگەیاند ئارەزووی ئەوەی هەیە بەشــداری لە فیلمێکی هیندیدا بــکات کە لە بەرهەمهێنانی بۆلیۆد بێت.
ئاژانســی هەواڵی (برس ترست)ی هیندی لەســەر زاری پاریس بڵاوی کــردەوە پاریس کە بە ســەردانێکی تایبەتی لــە مۆمبایە بۆ پروپاگەندە کردن بۆ جلوبەرگــە تایبەتییەکانی خۆی، گوایە داوا لــە پاریس کراوە بەشداری لە فیلمێکی هیندیدا بکات و ئەویش زۆر حەز لــە کارێکی لەم جــۆرە دەکات، چونکــە فیلمەکانی بۆلیۆد جوان و سەرنجڕاکێشن، بەڵام چاوەڕێــی ســیناریۆیەکی گونجاو دەکات، پاریــس ئەوەشــی راگەیاند کەوا حەز دەکات یەکێك لە ئەڵقەکانی بەرنامــە تەلەفزیۆنییەکــەی لــە هیندستان تۆمار بکات لەگەڵ یەکێك لە هــاورێ نزیکەکان، بەڵام نەبوونی کات رێگرە لەبەردەم ئەم کارە.



## هەستی ژنانەی سیرین و نادین سەرنجی رادەکێشی

خانمە هونەرمەندی لوبنانی مەی حەریری رایگەیاند کە لە رۆژانی ئاساییدا کاتژمێر یەکی دوای نیوەی شەو دەخەوێت، بەڵام لە مانگی رەمەزاندا تا نوێژی بەیانی ناخەوێت.
مەی لە دیمانەیەکییدا لەگەڵ رۆژنامەی (صدی البلد) ئەوەشی راگەیاند لە مانگی رەمەزان تا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لە خەو هەڵناستێت و کاتێکیش لە خەو هەڵسا سەرەتا دەچێتە لای سارای کچی و سەیرێکی تەلەفزیۆن دەکات ئینجا لە ئەحواڵی دایکی دەپرسێت، مەی حەریری لە درێژەی دیمانەکەیدا دەڵێ: دوو ئافرەتی هونەرمەند هەن کە زیاتر لە هەموو ئافرەتانی دیکە سەرنجم رادەکێشن ئەوانیش هەر یەکە لە سیرین عەبدولنور و نادین نجیمن، چونکە هەستێکی ژنانەی راستەقینەیان پێوە دیارە.



## ئەنیستۆن لە براد تورەیە

لێدوانەکانی ئەم دواییەی براد بیت کە رایگەیاند بوو ژیانی هاوسەریی لەگەڵ جنیڤەر ئەنیستۆن سەرکەوتوو نەبوو و لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی بەیەکەوە بوون تەنیا هەستی بە نائارامی کردووە، جنیڤەری تورە کرد.
لەم بارەیەوە سەرچاویەکی نزیك لە ئەنیستۆن بە رۆژنامەی (یو ئێس ویکلی )ی راگەیاند کە ئەم لێدوانانە ئیهانە کردنی جنیڤەرە و جۆرێك لە نارەوشی پێوە دیارە، سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە تیمی پەیوەندییە گشتیەکان جنیڤەر هاتۆتە ناو مەسەلەکەوە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بگەرێنەوە رێرەوە راستەقینەکەی خۆیان و نەگاتە ئاستی گرفتێك کە لە میدیاکاندا بقۆزرێتەوە، سەرچاوەکە زیاتر گوتی: هەموو لایەك دەزانین کە براد ئەم قسانەی کردووە و ناتوانێت بیگۆرێت یان رەتی بکاتەوە، بەڵام پێدەچێت پەشیمان بێتەوە لەو قسانەی کە بەرامبەر بە جنیڤەر کردوویەتی، چونکە براد بیت بە ژیانی ئێستای لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی ئاسوودە نییە وەك ئەوەی نیشانی دەدات.





## هێرش هەورامی:

# هونەری کوردی بووەتە بازاڕێکی بازرگانی

هونەرمەندی لاو هێرش هەورامی کە لە دەرەوەی کوردستان لە وڵاتی نەرویژ ژیان بەسەر دەبات و تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بڵاوکراوەتەوە و بەشداری لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکان دەکات لە ئەوروپا و بە وتنی گۆرانی فۆلکلۆری ناسراوە.

لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان دەربارەی تایبەتمەندییەکانی گۆرانی دەڤەری هەورامان گوتی: پێموابێت گۆرانی وتن بۆخۆی هونەریکی تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی کە وا ئەو تواناو دەنگەیان هەیە لەو بارەی کە توانایەکی تایبەتی دەوێت لەوانەیە گۆرانی گوتن بە کەسێکی ئاسایی نەکرێت، لە دەڤەری هەورامان دەیان شێوە گۆرانی وتن هەیە هەر لە سیاچەمانەوە هەتا دەگاتە بەشی هەڵپەڕکێ و شایی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

دەربارەی ئەوەی ئایا لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری لاسایی هونەرمەندانی دەڤەری هەورامانی زیاتر کردۆتەوە یان هونەرمەندانی ناوچەکانی دیکەش؟ هونەرمەند هێرش هەورامی دەڵێت: دیارە زۆربەمان بە لاسایی دەست بە کاری هونەری دەکەین، بەڵام بە شێوەیەك گشتی سوودم لە گۆرانی هەر چوار پارچەی وڵاتەکەم وەرگرتووە تا ئێستاش بە بەردەوامی بە زۆربەی شێوەزارە کوردییەکان گۆرانی دەڵێم لەوانەش شێوەزاری هەورامی و لاساییشیان دەکەمەوە بۆ ئەوەی بە هەموومان بتوانن هونەری دەڤەری هەورامان بپارێزین.

هەندێك هونەرمەند بەوە تاوانبار دەکرێن کە هونەری دەڤەری هەورامانیان شێواندووە دەربارەی ئەم بابەتە هێرش هەورامی گوتی: لەگەل ڕێزمدا بۆ گۆرانیبێژان، هونەری کوردی بووەتە بازارێکی بازرگانی هەر کەسێك دەبینیت دێت کلیپێکی بۆ دەکەن و لە کەناڵەکان وەکو هونەرمەند دەیناسینن، دیارە ناوچەی هەورامان و ئەو کەسانەی بە شێوەزاری هەورامی گۆرانی دەڵێن لەو دیاردەیە بێ بەش نەبووە کەسانی وا هەن کەوا نەك ناتوانن گۆرانیش بڵێن بەڵکو بەناوی نوێکاریەوە زۆربەی ئاوازەکانی دەڤەری هەورامانیان تێك داوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەینێرن بۆ کەناڵەکان بۆ ئەوەی بڵاویان بکەنەوە، من بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەو دیاردە دزێوەدا نیم و نابم.

زۆر باس لەوە دەکرێت کە هونەرمەندان لە ئێستادا دەتوانن پشت بە هونەرەکەیان ببەستن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان، هێرش دەڵێ: بە داخەوە نەوەك من بگرە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کاری هونەری دەکەن ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساوە ئەمەش هۆکاری بۆ ئەو هەموو کێشانە دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ لە بازاڕو کۆمەڵگاکەی ئیمەدا توشی بووین بەو ئاسانییەش لێی ڕزگار نابین هەرچەندە شێوەی کاری هونەری منیش جیاوازترە لەچاو هەندێك گۆرانیبێژی دیکە لەوانەیە من زۆرتر لە ئاهەنگ و بۆنەکان بەشداربم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێیت بژێوی ژیانت لەسەر کاری هونەریە، چونکە من هەوڵمداوە ئەوەی لە ڕێگای هونەرەوە دەستم دەکەوێت هەربۆ هونەرەکەم و پێشخستنی خەرجی بکەمەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی وەك هونەرمەندێکی گەنج بەرهەمی کەمە؟ هێرش هەورامی وتی: ڕاستە من لەم دواییەوە بەرهەمم کەم بۆتەوە ئەوەش چەند جارێک ڕوونم کردۆتەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا بەرهەمم لا نەبێت زۆر جار دڵم هێشاوە و بڕیارم داوە کە وا کلیپ و سیدی نەکەم، بەڵام بە ئێوەو بە خۆشەویستانی خۆم دەڵێم کەوا بەرهەمێکی تەواوم لەبەردەستدایە کە هەموو ئیشەکانی دەمێکە تەواو بووە بەڵام کاتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە تاوەکو بەشێوەیەکی باشتر بیانگەیەنمە بەر دەست و گوێی خۆشەویستانم. بەهیوام ئەو بێدەنگییە نەمێنێت.

سەبارەت بەوەی کە وەك هونەرمەندێکی هەورامی دەستکەوتنی ئاواز و شیعر لە ئەوروپا چەند زەحمەتە، گوتی: بەگشتی لە ئەوروپا پەیداکردنی هۆنراوە و بگرە ژەنیاریش زەحمەتە، بەڵام من لەم ساڵانەی دواییەوە زۆرتر خۆم هەوڵ دەدەم کەوا تێکستی خۆم بڵێمەوە، بەڵام بەهەر جۆرێک بێت من پەنام بردۆتە بەر ئەو شاعیرانەی سەردەم لە زاراوەی سۆرانی و هەورامیش بەتایبەتی.

## خەلیل خەمگین بۆگوڵان:



# بەرهەمهێنانی گۆرانییەکی رەسەن ئەوەندەش ئاسان نییە

**هونەرمەند خەلیل خەمیگین، کە ساڵانێکی دوورودرێژە خزمەتی هونەری رەسەن ودۆزی گەلەکەی دەکات بۆ ماوەی ٢٥ساڵە لە وڵاتی غوربەتدا ژیان بەسەر دەبات، ئەمەش وایکردووە ناوبراو لەهونەری رەسەن و خزمەتکردنی هونەری کورد دانەبڕێت، خەلیل خەمگین جیا لەکۆما بەرخودان ٥بەرهەمی هەیە، ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا لە ئێستادا دروستکردنی گۆرانییەکی رەسەنی کورد بەربەستی دێتە بەردەم، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کارە هونەریەکانی وچەند پرسێکی دیکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

***زۆریك لە هونەرمەندە گەورەکانی کورد پشتگوێ خراون، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-نە تەنیا زۆر گۆرانیبێژی گەورەو گرنگی کوردی پشتگوی خراون، بەڵکو لە ئێستادا دروست کردن وبەرهەمهێنانی گۆرانییەکی رەسەنی کوردی زۆر کێشەو ئاستەنگی دێتە بەردەم. چونکە بزاڤی رۆشنبیری کوردی هۆی نەبوونی دەزگایەکی جددی بۆکارکردن لەپێناو ژیاندنەوە و بەرز کردنەوەی بەهای نەتەوەیی لاوازی پێوەدیارە، ئەمەش وایکردووە نەتەنیا هونەرمەندە مەزنەکانی کورد گرنگیان پێنەدرێ، بەڵکو هونەری رەسەنی کوردیش بەرەوکزی بچێت.

*** بەڕێزت هاوکاری گەلێك لە هونەرمەندانت کردووە، ئەوان لە بەرامبەردا هەستیان چۆن بووە؟**

- بەڵێ هاوکاری گەلێکیانم کردووە، لە نێو ئەوانەدا مرۆڤی زۆر باش و بە ئەمەك و وەفایان تێدا بووە، لەهەمان کاتیشدا کەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندی خوازییشیان هەبووە.

***هەندێك هونەرمەند هەن دەڵێن هونەر نابێت بۆ سیاسەت بەکاربهێنرێت؟**

-ئەو بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەیەکی کۆنە، هونەرمەندان کە وا دەڵێن خۆیان هەڵخەڵەتێنن، چونکە ئەگەر هونەرمەندێك بەراستی هونەرمەند بێت و لە خزمەتی دۆزی گەل و کۆمەلگەو نەتەوەیی خۆی بێت، نابێت ئیزنی ئەو بیرکردنەوەیە بەخۆی بدات، لەبەرئەوەی کوردستان چواربەشەو نزیکەی ٥٠ملیۆن گەلی کورد ژێردەستە،

***دوای کردنەوەی کەنالی trt٦ هەندێ کەناڵی دیکەش کرانەوە لەتورکیا، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

-چ دەزگایەك بۆ ئازادیی وخزمەتکردنی دۆزی گەلی کورد بێتە ئاواکردن پیرۆزە، بەڵام پێویستە ئیمە ئەوەندە دڵ ساف وبێ خەم نەبین، حکومەتی تورکیا تەنیا بەمەبەستی بەرژەوەندی سیاسی خۆی کەناڵی (TRT٦) کردەوە،چونکە بە ئاشکرا لە پرۆگرامەکاندا هەست پێدەکرێ، هەر کام بە شێوازێك نیازیانە خەباتی گەلی کورد بە لاڕێدا بەرن، یەکێك لە رێگای هەستی ئاینییەوە، یەکێك بە رێگایەکی دیکەوە، بەڵام پێویستە ئەو راستییە بڵێم هەر کەنالأ ورۆژنامەو گۆڤارێك لەخزمەتی نەتەوەیی کوردی دا بێت، ئەوە پیرۆزە. تەنانەت ئەو کەناڵە ئەگەر نەیارەکەشت کردبیتیەوە.

***ئایا حکومەتی تورکیا لەروویی هونەرەوە کاریگەری لەسەر پارچەکانی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین هەبووە؟**

- بەڵێ، لەو بڕوایەدام ئەمرۆ شێوازی پێشکەوتنی هونەری کوردی، تەنانەت نەك تەنیا لە بەشەکانی کوردستان، کاریگەری عوسمانییەکانی پێوەدیارە، بەڵکو دەیانەوێت لە رۆژهەڵاتی ناوین دووبارە سیناریۆی عوسمانییەکان زیندوو بکەنەوە..

***رات چوونە لەسەر کلیپەکانی ئێستا؟**

-بەبڕوای من ئەو شتانەی بەناوی کلیپ لە تیڤییەکانی ئێمەدا پەخش دەکرێت، دەتوانم بە راشکاوی بڵێم زۆریان ناکرێ پێیان بڵێم کلیپ. خۆم کلیپم کەمە، هیوادارم رۆژێك لە رۆژان دەرفەتم هەبێ، بۆئەوەی بتوانم چەند کلیپێکی وەکو کلیپ دروست بکەم

*** بە بۆچوونی بەڕێزتان، کەناڵە کوردییەکان جیاوازی لەنێوان هونەرمەندان ناکەن؟**

- بەڵێ، جیاوازی هەیە لەنێوان هونەرمەندان لەلایەن کەناڵە کوردییەکانەوە، بەڵام بە بڕوای من، هێزی هونەر وهونەرمەندی رەسەن، لە هەر کەناڵ و دەزگایەك گرنگترە، چونکە ئەگەر هونەر بۆ رەسەنایەتی گەل بێت، هەروەها هونەری گەل بۆ گەل بێت، هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو هونەرە لاواز بکات.

